# حکومەتی هەرێمی کوردستان لەچەند ڕۆژی داهاتوودا ڕۆژگارو نەسرین و 18 کچەکەو هەموو کچانی فرۆشراو بەمیسر بە پەساپۆرتی دیبلۆماسی و بە هێلی ئاسمانی کوردستان دەگەیەنێتەوە کوردستان!


ئەمیر قادر



hangau@gamail.com


هەواڵی دۆزینەوەی دووکچی ئەنفال کراوی کوردو فرۆشتنیان بەمیسر لە ڕۆژنامەی (میدیا ژمارە 267) کەباسی دۆزینەوەی دوو کچ دەکات کەدوای مانەوەیان بۆ چەندین ساڵ و ڕۆژڕەشیەک کەتوشی هاتوون بەناوی ڕۆژگارو نەسرین ڕەنگە زۆرتان خوێندبێتانەوە،وە زۆربەش ئاگاداری مەلسفی ئەو 18 کچە گەرمیانیەهەن کە ئەم ساڵ بەدەست پێشخەری ناوەندی چاک لەدەرەوەو ناوەوە خۆپیشاندانیان بۆ بەڕێ خرا، من لەڕۆژی یەکەمی کە ئەو دۆکومێنتەم بینیوە بە پێچەوانەی دەسەلاتدارانەوە کە هەمیشە وتوویانە تەزویرە من هیچ گومانم لە ڕاستی نەبووە بەڵکو باوەڕم وابووە کە زۆر لەوە زیاتر بووە!، سەدەها ژن و منداڵ و پیاو کە ئەنفال کران دەبێت چی ناهەقیەک بەرانبەریان کرابێت،ئەوە تەنها بیابان و ئەوانەی گەڕانەوە دەتوانن باسی گۆشەیەکی بکەن،من بەر لە 2ساڵ لەگەڵ هاوڕێیەکی هۆڵەندیم بۆ ئەم بابەتە پەیوەندیمان بە ئەمنستی ئنتەرناسیونالەوە کرد، ئەوانیش پەیوەندیان بە بەشی میسرەوە کرد،دواتروەڵامیان داینەوە کە ئەم بابەتە پێشتر باسی کراوە لە لایەن د.کەمال سەید قادرەوە،وتیان لە نەتەوە یەکگرتۆکان شکات بکەن،چوومە لای خاتوو زێخفێڵد کە دکتۆرای لەیاسادا هەیە وە پارێزەرمانە لەدۆزی فرانس ڤان ئانراتدا،مەسەلەکەم بۆ باسکرد و دۆکومێنتەکەم بۆبرد،ووتی ئاسانە زۆر کاری وامان کردووە بەڵام دەبێت ئۆرجینالەکەی هەبێت؟

پەیوەندیمان کرد بەهۆی هاوڕێیانی چاک و کاک عومەر محەمەدەوە،دوای چەندین هەوڵ و چەند نووسخەی تر پەیداکردن لە شانسی ئەو کچانەو ئێمە هەموو ئەوانەش هەر کۆپی بوون،وتیان لای خاتوو زەکیە هەیە کەئەندام پەرلەمانی عێراقە، ئومێدم نەما،تەجروبەی چەند ساڵ کار لەگەڵ ناوەندی چاکداو دەست و پەنجە نەرم کردن لەگەڵ سیاسیەکانی کوردستاندا بەتایبەت دەسەلاتداران هەمیشە قسەو وەعدی گەورەو،هیچ نەکردن بووە،ئەگەر چەواشەکاریان نەکردبێت لەهەموو کارەکەندا هیچ هاوکاریان نەکردووە،لەکاتی دادگای ڤان ئانراتدا تەلەڤزیۆنی کوردستان بەرنامەیەکیان بەڕیوەبرد لەگەڵ دوو وەزیردا وەزیری مافی مرۆڤ دەیووت،ئێمە یەک محامیمان لاکەمە دووان دەگرین بۆ ئەم دۆزە،پایامنێرەکەیان هەموو ڕۆژ دەمانبینی دەشیان زانی کەتەنها ئێمە بەگیرفانی بەتاڵ و بەهەوڵی چەند کەسی ئینسان دۆست ئەم کارە دەکەین بەقودرەتەی قادر ئێمەی بیرچوبوو!

وێنەو گفتوگۆی لەگەڵ هەموو کەس کردبوو هەتا حەشیش کێشەکانی ناو ئەمستردامیش وێنەیان هەبوو بەڵام چاک و پارێزەرەکەی و قوربانیەکان ناویان نەبوو،ئەوە دوای بارانەکەش تازە ئاوا بیریان هاتبۆوە کە پەلەپروزێیەک خراپ نیە؟،کاتێک داگا گەیشتبۆ کۆتای،ئێستاش ئەو دوومحامیە هەرنەهاتن...کە نزیکەی دووساڵی بەسەردە تێپەڕیوە!

سەفیری عێراقی لەهۆڵەند کە کوردەو یەک جار بۆ داگاکەی فرانس ڤان ئانرات هاتبوو،بەمحامیەکەی وتبوو چەندت پارە دەوێت دەدەین،هەر ئەوڕۆژە بە محامیەکەم ووت وەرەقەیەکی سپی بخەژێر دەستی با واژۆی لەسەربکات! دوایە داوالەمن نەکەیت،من هەرئەوەم کەدەم بینی، ، ، ،

لەداگای سەدام کەنوێنەری خۆپیشاندەران بووم لە بەردەم سەفارەت لەگەڵ 3 نوێنەری تردا بۆ لای سەفیری عێراقی لەکاتی گفتوگۆمدا لەگەڵ سەفیردا،کەزۆر نیگەرانبوو لە خۆپیشاندانەکە ووتی خۆپیشاندان پێویست ناکات هەرچیتان ویست وەرن من خۆم لەگەڵ وڵاتەکاندا بۆتان ئەنجام دەدەم هەموو ڕەفیق و برادەرن دەورانی بەعس بەسەرچوو، ئەمە بەشایەدی زۆر کەس وە 3کەناڵی تەلەفزێنی هەیە کەهاتبوون وێنەیان دەگرت.
من 18 کچەکەم باسکرد ووتم ئەو 18 کچە بە دۆکومێنت هەیە،ماوەیەکە بۆ بەردەم سەفارەتی میسر خۆپیشاندانمان کردووە من و ڤینۆس لەگەڵ سەفارەتی میسردا باسمان کردووە جەنابیشت هیمەتێک بکە من هەموو دۆکومێنتەکانت دەدەمێ خۆشت بینیووتە ئەگەر وابەینت باشە؟!
سەفیر یەکەم جار ووتی بەسەرچاو دواتر باسی ئەوەی کرد کە ئەم دۆکومێنتە ڕاست نیە وە کۆن بووە،من بۆم باسکرد دۆکومێنت کۆن نابێت وە من سورەت قەیدی بەشێک لەو کچانەم لەگەڵ گفتوگۆ لەگەڵ کەس وکاریاندا هەیە،سەفیر کەزانی تووش بووە،بێدەنگەی لێکرد،هەردوکمان دەمانزانی چیمان دەوێت،ئەو خۆپیشاندانەکە باڵانسی تێکدابوو،من بێ باوەڕیم بەم جۆرە دەسەڵاتدارانە ی کەبۆ پۆستەکەی خۆیان هەموو شت دەکەن بەڵام هەرخۆشیان بەرپێچی خۆیان دەدەنەوە، ، بەدەست خۆم نیە ئەوکاتانەی ئەم بەرپرسانە دەبینم وەک فلیم ڕەزو باخی سوتاوو خۆمان هەموو ئەو ئازیزو خۆشەوستانەی بوونە قوربانی شۆڕش،منداڵی وگەنجی بەفیڕۆچووی خۆمانم یەخەم پێدەگرێت و خەریکە دەخنکێم، ، ، کێ دەیکاو کێ تێداداچێت، ، کێ دەیخوا، ، ، ، ،

هیچ کاتێک باوەڕم نەبووە دەسەڵاتی کوردی یەک تۆز وەفاومرۆڤایەتی بووبێت بۆ خەڵکی ڕەش و ڕووتی کوردستان بەتایبەت بۆ ئەنفالکراوو کیمیابارانکراوەکان،بۆیەش هەمیشە سەنگەرو داخوازی ئەوانەم بە داخوازیەکەی بەحەق ناسیووە و کارم بۆ کردووە.دەسەڵات نەک هەر یارمەتیان نادات بەڵکو بەباسکردنیشیان بێزاردەبێت ، خۆگەرمیانی و هەڵەبجەیی و قەڵادزەیەکان لەتێری و بارودۆخی باشیان نیە ساڵانەو مانگانە دەنگیان بەرزدەکەنەوەو خۆپیشاندەکەن، لەپاڵ هەریەک لەو دووهێزە دەسەڵاتدارەدا چەندین تاونباری وەک عەباسی بایز و ئەنوەربەگ و خالیدی خولەسوورو، ، ، هتد وەک پاشادەژین و گاڵتەیان بە هەژارو قوربانیەکانین دێت، ، ،



شتێکی زۆر سەیر کە لەو چاوپێکەوتنەی میدیا هاتووە،فەرمان کە ڕۆژنامە نووسەکەیە،لە 2006/5/14دا ئەم سەردانەی کردووە بۆ وڵاتی میسر واتە ماوەیەکی زۆر کەم دوای خۆپیشاندانەکانی چاک و خەڵکی کوردستان،ئەویش دوای سەردانی وەزیری کاروباری ئاوارەو ئەنفالەکان،کەدیارە قسەکانی بەهەند وەرنەگرتووە و لە( کتابوناکتابوکم) تێپەری نەکردووە دوای 7 مانگ،شتێک لە وەڵامی چنارخانداهاتووە کە بەهیچ جۆرێک نەدەبوو بهاتایە یەم ڕستەیەیە (بۆهەرکچێک کەلەمەلهاکاندا دەڵێ من ئەنفالکراوم، ، ، ، )،ئەوە زۆرپرسیار دروست دەکات کەکەسی تریش هەبن کە دەسەڵات ئاگادارە بەڵام بەم دەلیلە کەچارەنووس و ژیانیان وە قوربانی ئەوان و کەس و کاریان ملیادێرەکانی دەسەڵاتی کودستان پێدەوڵەمەند بووە و ئەوانەش بۆ دوو جونەیهی میسری ڕۆح ولەشیان دەفرۆشن!، دەبێت ئینسان چ ویژدانێکی هەبێت ئەم کچانە بەم شێوەیە باسبکات، من باوەڕم بە هیچ سمبولێک نیە بەتایبەتی ئەوانەی دەسەڵات پارەیان پێکۆدەکاتەوە،بەڵام ئەگەرئەگەر کورد وەئینسانەکانی کۆمەڵگای کوردستان سومبوڵ وپیرۆزیەکیان هەبێت ناگاتە ئەژنۆی ئەو کچۆڵانەی کە

بەبێ مەیلی خۆیان ئەم هەموو نائینسانیەتیەیان بارانبەردەکرێت، من دڵنیام کەس و کاری ئەم کچانە وەک خۆشەویست ترین پارچە لەخۆیان سەیریان دەکەن، من ئامادەم وەک کچە دووساڵەکەی خۆم هەتاماووم ببمە کەس و کاری ڕۆژگارو نەسرینەکان، دەرگای ماڵ وڕۆحمان لەسەرپشتە!.



نەسرین محەمەد کەریم - دینا لە کاتی خزمەتکردن لە شەرمشێخی میسر (فۆتۆ: قەرمان)


سحر الكردی
قاهیرە

نووسینێکی سەحەر کە داوا لە قەرمان دەکات بیگەڕێنێتەوە هەولێر

وابزانم ئێستا تایتڵی باسەکەم ڕوونە، دەسەڵاتێک لەچەند ساڵی ڕباردوودا چەندی بۆ ئەنفالکاراوەکان لەدەست هاتووە، ژنێک کەتائێستا لە عەمارە لەقەبرستان دەژیا وە لەئەنفالکراوەکانە، نەیەوێت بهێنێتەوە گەرمیان، لە هەزارەها لاشەو ئێسک وپروسکیان 500 کەسیان هێنایەوە و هەموورۆژ لە تی ڤیەکان باسی دەکەن، دەچیتە ژێرباری ئەوەی چەنددۆلارێک بۆئەم مەسەلەیە خەرج بکەن، یەک جار سەفەرەکانیان لەشەرەمل شەیخەوە تۆزێک نارەحەت بکەن، بڕێک جێگاکانایان نارەحەت بکەن، من بێ ئومێدم، کێ گەشبینترە بابەدرۆمان بخاتەوە؟

سەرچاوە:
http://www.yndk.com/
لاپەڕیی 3 ژمارە 267